"مەملەکەتی عیللەت"و شانۆکارە حەیاتەکانی خۆمان

حەمەسوار عەزیز

ئەو ئێوارەیە لەو دیو شەپۆلەکانی مۆبایلەوە هاوڕێی ڕۆژنامەنووسم عەبدولغەفار عەبدوڵڵا ئاگاداری کردمەوە شانۆگەری (مەملەکەتی عیللەت) کە تیپی شانۆی ڕەنگاڵە پێشکەشی دەکات، زیاتر لەحەفتا ڕۆژە نمایش دەکرێت و ڕۆژانەش هۆڵەکە پڕدەبێت لە بینەرو داوای لێکردم کە بایەخ بەو دیاردە تازەییەی نێو شانۆی کوردی بدەم و بابەتێکی لەسەر بنووسم، منیش بڕیارمدا دیدەنی ئەو شانۆییە بکەم، ئەوەبوو ڕۆژی هەینی بەیاوەری هاوڕێیانی هونەرمەندم (عومەر مامە کوردەو قاسم نوری) بەرەو سلێمانی بەڕێکەوتین، سەعات و نیوێك پێش وادەی نمایشەکە گەیشتین، بەڵام کە ویستمان بلێتی شانۆییەکە ببڕین، پێیان وتین کە بلێت تەواو بووە، منیش بۆ ئەوەی ژمارەی مۆبایلەکەی هونەرمەند ماهیر حسەن لە عەبدولغەفاری هاوڕێم وەرگرم، پەیوەندییم پێوەکردو ژمارەکەی پێدام، بەڵام کاك غەفار هەرخۆشی پەیوەندی بەو برادەرە کرد کە بلێت دابەشدەکات و داوای لێکرد کە سێ بلێتمان بۆ چارە بکات، ئەو برادەرەش سێ بلێتی نهۆمی سەرەوەی پێداین، کە نرخی هەر بلێتێك پێنج هەزار دینار بوو، دواترکە ماهیر هات و ئێمەی بینی ڕێزێکی زۆری لێگرتین و پارەی بلێتەکانی گەڕاندەوەو وتی (ئێوە میوانی ئێمەن)و جێگەیەکی باشی لەریزی پێشەوەی بینەران بۆ دابینکردین، ئەوەبوو خەڵکەکەش پەیتا پەیتا دەهاتنە ژوورەوە تا هەموو کورسییەکانی نهۆمی خوارەوەو سەرەوە تەواو بوون، دواتر لەژێر پاڵەپەستۆی خەڵکانی دەرەوەی هۆڵەکە ڕێرەوەی نێو هۆڵەکەش پڕبوون، ئەوەش لای من پێشئەوەی هیچ مانایەك ببەخشێت، وێنەیەك بوو پێویستی بە تەعلیق نەبوو، چونکە من ئەو جۆرە دیمەنانەم تەنها لەکۆنسێرتەکانی زەکەریاو عەدنان کەریم بینیوەوە، یەکەمجارە لە نمایشێکی شانۆیی ئەو ئاپۆرەییە دەبینم، مەگەر تەنها لەڕۆژی یەکەمی نمایشێکدا بێت، بەڵام لەبیرمان نەچێت ئەو ڕۆژەی من باسی لێوە دەکەم ڕۆژی حەفتاو پێنجەمینی نمایشی ئەو شانۆگەرییە بوو، لەهەموو نمایشەکانیش چوونە ژوورەوە بەخۆڕایی بووە کەچی لێرە بلێت بە پێنج هەزار دیناربوو، بەتێڕوانینی من ئەمەیان خاڵێکی یەکجار گرنگەو دەشێ هەڵوەستەی زۆری لەسەر بکەین، لەبەر ئەوەی بەدەر لەناوەرۆکی کۆمیدی نمایشەکە، ماهیرو هاوڕێیانی توانیان حورمەتێك بۆ شانۆ بگێڕنەوەو خەڵك شانۆ وەك دەرگای حساریك نەبینێت هەرکاتێ حەزیکرد یەکسەر بچێتە ژوورەوەو هیچ ئیعتبارێك بۆ ئەو هونەرە نەکات، تۆگەر دەتەوێت شانۆیی ببینیت دەبێ پارە بدەیت و بلێت بکڕیت و بەریز بچیتە ژوورەوە، شتێکی ترکە بەپێچەوانەی پێشبینییەکەی من بوو ئەوەبوو کە من وامدەزانی زۆرینەی ڕەهای بینەرانی ئەو نمایشە لە گەنج و هەرزەکارە کوڕەکانن، بەڵام ئەو ڕۆژە بۆم دەرکەوت کە چەند هەڵەبووم، لەبەرئەوەی خێزانەکان بەگەورەو بچووکەوە زۆرینەی بینەری نمایشەکەیان پێکدەهێناو دایك و باوك کوڕو کچ بەیەکەوە لەریزی بەردەم دەرگای چوونە ژوورەوە وەستابوون، کە بەلای منەوە ئەمە جوانترین دیمەنە چاوەڕوان دەکرێت لەدەستپێکی نمایشێکدا ببینرێت، نمایشێك کە ماوەکەی نزیکەی دوو سەعات دەبێت کەچی یەکێکم نەبینی هەڵسێت و لە هۆڵەکە بچێتە دەرەوە، وەك ئەوەی لای ئێمە خەریکە دەبێتە نەریت و هەر نمایشێك لەسەعاتێك تێپەڕێت خەڵك بەلێشاو هۆڵەکە بەجێدێڵن بێ ئەوەی هیچ ئیعتبارو ڕێزێك بۆ ئەو هونەرمەندانەی سەر شانۆ لەبەر چاوبگرن، کە بەر لەهەموو شتێك ئەوە گەورەترین سوکایەتیکردنە بەو هونەرمەندانە، بەداخەوە کە من زۆر خەڵکی ناسراوو ڕۆشنبیرم بینیووە کە لەنیوەی نمایش دەچنە دەرەوە، نەوەکو لەبەرئەوەی کە ئاستی نمایشەکەیان بەدڵ نییە، تەنها لەبەرئەوەی کە ئەوان واڕاهاتوون نابێت نمایشی شانۆیی لەچل و پێنج دەقە تێپەڕێت دەنا بێزار دەبن، کەچی بە چوار یا پێنج سەعات لەسەر مێزی خواردنەوە خەریکی نیفاق و چاڵ هەڵکەندنن بۆ ئەم و ئەو بێ ئەوەی بێزارییان پێوە دیاربێت، یا یەکێکم نەبینی کە باوێشکی خەوهاتن بدات، وەکو ئەوەی لە هەندێ نمایشی لای خۆمان دەبینرێن، بەپێچەوانەوە لەکۆتایی نمایشەکەش وەکو ئەوە وابوو کە تازە هاتووینە ژوورەوە هێشتا تینووی ئەوەین چەند ساتێکی تریش لەو نمایشە ببینین، بەهەرحاڵ ڕەنگە ستایلی کۆمیدی نمایشەکە فاکتەرێکی سەرەکی بێت بۆ ئەو کاردانەوە ئیجابییەی بینەر لەگەڵ ئەو نمایشە، بەڵام خۆ دەبێ بپرسین کۆمیدیا چییە، ئایا کۆمیدیا هونەرە یا شتێکی ترەو، ئایا هەموو ئەکتەرێك و دەرهێنەرێك بۆ ئەوە لەبارن کە کاری کۆمیدی پێشکەشکەش بکەن، یاخود دەبێ بپرسین چی کۆمیدیا لە تەهریج جیادەکاتەوە، دوا پرسیاریش ئەوەیە کە ئایا شانۆی کۆمیدی بەمانای شانۆی بازرگانی دێت، تاچەندیش ڕەوایە شانۆ وەك هونەرێکی مەزن ڕوویەکی بازرگانی هەبێت؟

سەرەتا ئەرستۆ پێناسەی کۆمیدیا دەکات و دەڵێت "کۆمیدیا دووفاقی و لەبەریەك هەڵاتنی چاکەو خراپەیە، بەو مانایەی ئاشکراکردنێکی ڕەخنەییە لەنێوان شتێك و پێچەوانەکەی، سەرەتای دەرکەوتنی ئەو ستایلە شانۆییەی کە پێی دەوترێت کۆمیدی، بۆ سەردەمی یۆنانییەکان دەگەڕێتەوەو ئەرستۆڤان (٤٥٠–٣٨٨ پ.ز) وەك یەکێك لە دیارترین نووسەری تێکستی شانۆیی کۆمیدی ئەو سەردەمە ناسراوە، لەو سەردەمەدا لەنێو نمایشی کۆمیدی کە تایبەت لەیادەکانی زاوزێ و پیتاندن نیشاندەدرا، زۆر قسەی سووك و نمایشی گەورەکراوی ئەندامەکانی زاوزێی تێدا دەکرا، بەڵام کە ئەرستۆڤانس هات تێگەیشتنێکی تری بە کۆمیدیا بەخشی و بەشێوەیەکی ڕوون ڕەخنەی لە دەسەڵات گرت، بەتایبەتیش ئەو کاتە بازرگانانی شەڕ لە لوتکەی دەسەڵات بوون، بۆیە ئەرستۆڤانس وا ناسرابوو کە گاڵتەی بە هەموو دەسەڵاتەکان دەکردو مەیلێکی زۆری هەبوو بۆ گەڕانەوە بۆ دوێنێ و هەموو ئەو جوانیانەی کە لەدوێنێی ئەو کۆمەڵگەیە هەبوو، نووسەرو ئەکتەری فەرەنسی بەناوبانگ (مۆلێر ١٦٢٢– ١٦٧٣ز) بەیەکێك لەباشترین نووسەرە کۆمیدییەکان دەژمێردرێت و لەشانۆنامەکانی لایەنگری گەنجەکان دەکات و کار بۆ ڕەتکردنەوەی بیروڕا بەسەر چووەکان دەکات بەتایبەتیش باڵادەستی کلێسا بەسەر هەموو وردەکارییەکانی ژیان، بۆیە زۆرجار لەژێر فشاری کلێسا شانۆنامەکانی وەستێنراوە یا قەدەغەکراوە، بەڵام دواجار بەهۆی پایەی جەماوەری مۆلێرو نزیکی لە پادشا لویسی چواردەم کە شانۆیەکی شاهانەی تایبەتی بۆ دروستکردبوو شانۆییەکانی بۆ چەندین جار نمایشکراونەتەوە، مۆلێر کاری لەسەر ئەوە کردووە کە دوو دیدگای جیاواز لەسەر شانۆ نمایش بکات، یەکێکیان ئەو دیدگایەیە کە مرۆڤ تیایدا سەیری خۆی دەکات و ئەو دیدگایەش کە خەڵکانی تر لەڕوانگەیەوە سەیری دەکەن، بێگومان کۆمیدیا شێوازی جۆراوجۆری هەیە، ستایلی نووسینەوەی شانۆی کۆمیدیش جیاوازە، بۆ نمونە کۆمیدیای تاکە کەس هەیە، لێرەدا نووسەر لەنووسینەوەی تێکستەکە ئەکتەرێکی کۆمیدی دیاریکراوی لەبەرچاوە، تێکستەکە تایبەت بە تواناکانی ئەو ئەکتەرە دادەڕێژێت، وەك فیلمە سینەماییەکانی ئیسماعیل یاسین و شانۆییەکانی هونەرمەند عادل ئیمام، بەتایبەتیش هەر سێ شانۆگەری (شاهد ماشافش حاجە، الزعیم، الواد سید الشغال) کە تایبەت بۆ عادل ئیمام نووسراونەتەوە، ئەگەر بێتوو ئەکتەرێکی تر ئەدای ئەو کارەکتەرانەی ئیمام بکات، ئەوا بێگومان نمایشەکە سەدا هەشتای ئیحساسی کۆمیدی خۆی لەدەستدەدات، بەڵام ئەگەر سەیری شانۆگەری (مدرسە المشاغبین) بکەین دەبینین ئەدای بەکۆمەڵی کۆمیدیا زاڵە بەسەر ئەدای تاکە کەسی، بۆیە لە شانۆگەرییەکانی عادل ئیمام زۆرینەی ئەو دیمەنانەی کە لای ئەو بە کۆمیدیا دەکەونەوە، ئەگەر ئەکتەرێکی تر ئەدایان بکات، دیمەنی زۆر سادەو ئاسایی دەدەرکەون و هیچ سیمایەکی کۆمیدییان پێوەدیار نابێت.

شانۆی کۆمیدی شانۆیەکی بازرگانییە، بەڵێ ئەم تێڕوانینە سەداسەد دروستە، چونکە شانۆی کۆمیدی یەکێك لەو شێوازە شانۆییانەیە کە دەکرێت وەك پیشەسازییەك کاری لەسەر بکرێت و قازانج دروستبکات، بەڵام هەرگیز شانۆی کۆمیدی ئەگەر بازرگانیش بێت مانای ئەوە نییە کە هونەرمەند بازرگانی بە هونەرەکەی دەکات وەك ئەوەی کەسانێك تێیگەیشتوون، ڕاستە هەندێ جار دەبینین کە چەند کەسێکی ناهونەرمەند بەناوی شانۆی کۆمیدی نمایشێکی پڕ لەسوکایەتی بەشانۆ هەموو بەها جوانەکانی هونەر پێشکەش دەکەن و تاکە مەبەستیشیان ئەوەیە کە بازرگانی بەو هونەرەوە بکەن کە لەڕاستیدا نییانەو لێیان بێبەرییە، بۆیە ئەو شانۆ کۆمیدییەی کە بەهاکانی خێرو شەڕو چاکەو خراپەی تێدایەو قسەی لەسەر دیاردە نەویستراوەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگە هەیە، زۆر ئاساییەو زۆریش ڕەوایە کە ئەوشانۆییە قازانج بکات و پارە پەیدابکات، چونکە ئەو کاتە شانۆ دەتوانێ پەرە بەخۆی بدات و بچێتە پێشەوە، ئەوەش یەکەم هەنگاوی دروستبوونی شانۆیەکی ڕاستەقینەیە کە پشت بە حکومەت نابەستێت بۆ دابینکردنی بودجەو تێچووی شانۆیی، کە بەداخەوە ڕۆژانە لە میدیاکان ئەوەمان بەرچاو دەکەوێت کە شانۆکاران گلەیی و گازاندەی زۆریان لەو بوارە هەیەو هەموو کارو داهێنانی ئەوان پەیوەستە بەمەرحەمەتی حکومەت و ئاستی بەخشینی، بۆیە نەوەکو شەرمەزاری نییە کە شانۆ بازرگانی بێت و پارە پەیدابکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێ لەمەودوا هەموو شانۆیەك کار بۆ ئەوە بکات کە ڕوویێکی بازرگانی بەشانۆ ببەخشێت و ئیتر شانۆ تەنیا پشت بەخۆی ببەستێت و چاوی لەدەست و کەرەمی هیچ دەزگایەك نەبێت، ئینجا دەتوانین شانۆیەك دروست بکەین و پەرەی پێدەین.

شانۆگەری (مەملەکەتی عیللەت) لە نووسینی وەحید حامیدو دەرهێنانی بەکر مستەفاو نواندنی ژمارەیەك ئەکتەری کۆمیدی ناسراوی سلێمانی لەوانە (ماهیر حسەن، ئەحمەد جۆلا، کەمال چالاك و بەیان زەریفی و... تاد)، ئەم شانۆییە کە هەشتەم بەرهەمی ئەو تیپەیە، نووسەرەکەی هونەرمەندێکی بەناوبانگی میسرییە لە هەردوو بواری شانۆو سینەما، کە نمایشەکە دەبینیت هەست دەکەیت هەر لەسەرەتاوە ئەم شانۆییە بۆ ئەکتەرێکی کۆمیدی گەورە نووسراوەتەوە کە ڕۆڵی سەرەکی تیا ببینێت، کە ڕەنگە عادل ئیمام یا محەممەد سوبحی یا محەممەد هنێدی یا ئەشرەف عەبدولباقی، یا هەریەکێك لەئەکتەرە ناسراوەکانی کۆمیدیا لەوڵاتی میسر بێت، لەو نمایشەی کە تیپی ڕەنگاڵەش پێشکەشیانکرد زۆر بەشایستەیی هونەرمەند (ماهیر حسەن و کەمال چالاك و ئەحمەد جۆلاو بەیان زەریفی)و هەموو هاوڕێکانیان سەلماندیان کە ئەوان هیچیان لەو ئەکتەرە بەناوبانگانەی میسر کەمتر نییە، ئەگەر تێکستی شانۆیی شیاو هەبێت بتوانێت توانا و ئیمکانیەتی ئەوان بتەقێنێتەوە، بەتایبەتیش هەردوو هونەرمەند ماهیر حسەن و ئەحمەد جۆلا پاش ئەوەی لە فەنتەلۆس لەبەر لاوازی تێکست و شێوازی کارکردنی ئەو درامایە، زۆر لەڕەونەقی کۆمیدی خۆیان لەدەستدا، جارێکی تر لەو شانۆییە سەلماندیان کە ئەوان زۆر زیاتریان پێیە لەوەی کە تائێستا پێشکەشیانکردووە ئەگەر تێکستی کۆمیدی شیاوو دەرهێنەری شارەزای ئەو بوارە بەدانایی کاریان لەسەر بکات، بۆیە من هەڵبژاردنی ئەو تێکستە میسرییە بە بیرکردنەوەیەکی باش دەبینم لەبەرئەوەی نووسەری کورد بەدرێژایی تەمەنی کاری شانۆیی کوردی سەلماندویەتی کە ناتوانێت لەبواری کۆمیدیادا داهێنان بکات بەدرێژایی ئەو مێژووەش جگە لەچەند کارێکی ئێرەو ئەوێ دەنا لەو بوارەدا نەیانتوانیوە کاری باڵا بکەن، بۆیە زۆرینەی ئەو شانۆیە کۆمیدییانەی کە بەدرێژایی مێژووی شانۆی کوردی پێشکەشکراون لەتێکستی بیانی وەرگیراون بەتایبەتیش کارەکانی گۆگۆل و مۆلێر، بەکوردیکردنی لۆکەیشنی ئەو کارانەش یەکێکە لەو هەنگاوە جیدییانەی کە شانۆکارانی کورد زۆر بەچاکی کاریان لەسەرکردووەو سەرکەوتنی بێ وێنەیان لەم بوارە نواندوە، بۆ نمونە شانۆیی (پیسکەی تەڕپیر – البخیل) مۆلێرو، (جەنابی موفەتیش – المفتش العام)ی گۆگۆل و شانۆگەری (هەبوو نەبوو – کان یاماکان)ی قاسم محەممەد، کە لەحەفتاکان و هەشتاکان بەشێوەیەکی زۆر نایاب کوردێندراون، کە ڕەنگە کەسانێکی زۆر هەست بەوە نەکەن کە ئەم شانۆییە لەتێکستێکی بیانی وەرگیراوە، مەملەکەتی عیللەتیش بەشێوەیەکی باش هەوڵی ئەوەی بۆ دراوە کە تێهەڵکێشی لۆکەیشنی کوردی بکرێت، ئەگەرچی بەلای منەوە کە ئەم شانۆییە پانتایی زیاتری تیا هەبوو کەکاری باشتری لەسەربکرێت لەم ڕوانگەیەوە.

ڕەنگە ئەم شانۆییە لەپێناو ڕازیکردنی بینەرو زامنکردنی زۆرترین ژمارەیان لە هەندێ شوێندا کۆمەڵێك دەستەواژەی ناشایستەی بەهونەری شانۆی تیادا کەوتبێت، کەئەمەش نەوەکو هەر لەشانۆی کۆمیدی کوردی بەڵکو لەزۆرینەی شانۆییەکانی دەوروبەریش تێیدەکەوێت و دەبینرێت، بەڵام من هیوادارم تا ئەو جێگایەی کە ڕۆحی کۆمیدی نمایشەکە لاواز ناکات با خۆمان لەو جۆرە قسە بازارییانەو دەستەواژە نەشیاوانە دووربخەینەوەو هەوڵبدەین کە شانۆ لەپاڵ ڕەخنەگرتن و کۆمیدیاش پەیامی پەروەردەیی خۆی ون نەکات و نەچێتە پاڵ ئەو هەڵمەتەی کە ئەو سێدییە سووکانەی بەناوی فیلمی کۆمیدییەوە بڵاو دەکرێنەوە بەرپایان کردووەو خەریکە بینەری کورد قێز لەناوەڕۆکی سێدییەکان و ئەو ڕوخسارانە دەکاتەوە کەلەو سێدییانە دەردەکەون.

ئێستا کەمن باس لەشانۆگەری مەملەکەتی عیللەت دەکەم هەواڵی ئەوەم هەیە کە ئەم نمایشە زیاتر لە ١٠٠ ڕۆژە نمایشدەکرێت و بینەر بەپەرۆشەوە دەیبینێت، ئەوەش لەگەڵ نمایشێکی پێشووی هەمان تیپ کە نمایشی (کەلاوەکە) بوو ژمارەیەکی پێوانەییە لەژمارەی ڕۆژەکانی نمایش و ژمارەی ئەو بینەرانەی کە نمایشێك دەبینن، حەقە ئەگەر وەزارەتی ڕۆشنبیریش بەو هەموو شارەزاو ڕاوێژکارەوە نەتوانن هەڵوەستەیەك لەسەر ئەو ژمارانە بکەن و بەشێوەیەکی جیددی توێژینەوەو شرۆڤەی بکەن، شانۆکارەکانی لای خۆمان شەرم بیانگرێت و موراجەعەی ئەو هەموو ئیشە عەنتیکانەی خۆیان بکەنەوە کە بەناوی نمایشی شانۆیی پێشکەشیانکردووەو بزانن ئەوان لە کوێن و خەڵکی تریش کە نیو ئەوەندەی ئەوان پارەیان لێرەو لەوێی ئەو حکومەتە حەیاتە دەست ناکەوێت و لەسەر ئەرکی خۆیان و بەپڕوابوون بەخۆیان و هونەرەکەیان، کارێك دەکەن کە نەوەکو لەم ڕۆژانەی ئێستامان بەڵکو بەدرێژایی مێژووی ئەو بزووتنەوەیەی کە پێی دەووترێت شانۆی کوردی ئەم ژمارە پێوانەییە تۆمار نەکراوە.

کەژاڵ ئادەمی:

لەکاتی گۆرانی وتن یا شیعر نووسیندا

بیر لەوە ناکەمەوە چەندە یارمەتیم دەدا بناسرێم

میدیا/ کەژاڵ ئادەمی کە ماوەی ساڵانێکی زۆرە لە ئەورووپا دەژی، لەدایکبووی ١٩٨٣ە، بۆ یەکەمجار لە ٢٠٠٤ کۆنسێرتێکی خۆی کە لەشەش گۆرانی پێکهاتبوو لەسوێد پێشکەش کردووە. هەر لەسوێد کۆمەڵناسی و ژەنینی مۆسیقای لەزانکۆ خوێندووە، ئێستا سەرقاڵی خوێندنی مێژووی مۆسیقا پەیوەندی مۆسیقاو سیاسەتە. لەدیمانەیەکی لەگەڵ (میدیا) باس لە گرنگی ئەدەب لەنێو گۆرانیدا دەکات.

میدیا: گەر بۆ کوردستان داوەتکرایت، حەز دەکەی وەکو شاعیرێك یان هونەرمەندێك داوەت بکرێت؟

– لەهەردوو بواری گۆرانی و شیعر چالاکیم هەیە. لەزۆربەی گۆرانیەکانمدا هۆنراوەکانی خۆم بەکار دەهێنم.

میدیا: بەرهەمەکانت بۆ تەلەفزیۆنەکانی کوردستان بەدیاری ناردووە، کەچی زۆرکەم دەبیسترێن، ئایا بەدواداچوونت بۆ هۆکاری کەم پەخشکردنی کردووە؟

– لەڕاستیدا هیچ بەپێویستی نازانم بەدواداچوونەوەم بێت. ئەرکی سەرشانی من ئەوەیە بەرهەمی هونەری بخولقێنم و ئامانجم ئەوەیە بەرهەمەکانم بایەخی بەرزی هونەرییان بێت. بۆ داهاتوو ئیش دەکەم و هیوادارم بتوانم بەرهەمەکانم بگەیەنمە ئەو ئاستەی کە نەوەی داهاتووش بتوانن کەڵکی لێ وەربگرن. تەلەفزیۆنەکانیش پشتیوانیان لێ کردووم و بەرهەمەکانم بڵاوبوەتەوە. ڕۆژانە لە هەموو لایەکی کوردستانەوە لایەنگرانی ئیشەکانم لەگەڵمدا لە پەیوەندیدان.

ئامانجی من ئەوە نییە بەس گۆرانیبێژێکی ناسراوبم و هیچی دیکە. دەمەوێ لەگۆرانییەکانمدا شتێکم پێ بێت بۆ وتن. دەمەوێ بەرهەمەکانم سەرنجی گوێگر رابکێشێ و بیخاتە نێو فیکر. من بە نوسینی شیعر یەکەم هەنگاوم نایە نێودنیای هونەرەوە. گۆرانی دەڵێم و بەم شێوە شیعرەکانم دەنێمە ئامێزی مۆسیقاو پێشکەشی جەماوەری دەکەم. تێدەکۆشم شێوازی تایبەتی خۆمم ببێت. هەموو بەرهەمەکانم زادەی دەروون و هەستی منەو تایبەت بە خۆمە. لەکاتی گۆرانی وتن یا شیعر نووسیندا بیر لەوە ناکەمەوە چەندە ئەو گۆرانییە یا شیعرە یارمەتیم دەدا بناسرێم. بە کوردی و بە کورتی بڵێم من تونی ناونیشان نیم. بە دڵ و گیان ئیش دەکەم و مەبەستم خولقاندنی بەرهەمێکە بایەخی هونەری ببێت.

میدیا: لەگەڵ ئەوەشدا، هەستناکەی کەمتر بەگوێگران ناسراوی؟

– دیارە من چەند ساڵێکە سەرقاڵی مۆسیقام، بەڵام ئەوە نابێ لەبیر بەرینەوە کە من هەمووی دوو تاسێ ساڵە دەرکەوتووم. پێموایە لەم ماوە کەمەدا گوێگری زۆرم بووە.

میدیا: لەدیمانەیەکت خۆت بەخواو شیعرەکانت بەمەخلوق دەشوبهێنی، ئەم ڕوانگەیە دەرەنجامی چییە، ئایا تەنیایی ڕۆڵی لەڕەنگرێژکردنی ئەم ڕوانگەیەت هەیە؟

– کاتێ دەڵێم من خودام و شیعرەکانم مەخلوق، مەبەستم ئەوەیە لەدنیای شیعرەکانمدا منم فەرمانڕەوام و دەسەڵاتدار. هیچ هێزێك غەیری من و هەستی من ناتوانێ بڕیاردەر بێت. ئازادو بێ پەردە باس لە هەموو ئەوین و ئازارەکانم دەکەم و لەڕوانگەی خۆمەوە وەك ژنێك قەڵەم دەگرمە دەست و دەنووسم.

گۆرانی و شیعرەکانی من دەست لەملانی یەکترن و لەیەك جودا نین. شیعر زایەڵەی دڵی پڕ هەستەو مۆسیقا هاژەی هەستێکی بەسۆز. کاتێ پشکۆی شیعرو مۆسیقا پێکەوە دەکەونە گڕگرتن ئەو کاتەیە کە جوانترین وشەکان لەباوەشی بەتینی گۆرانییێکدا خۆیان دەنوێنن.

شیعرو گۆرانی هەردوو لەسەر کۆڵەکەی خۆشەویستی بینا کراون. لەوانەیە لە زەمەنی ئەمڕۆدا خۆشەویستی ڕاستەقینە وەك جاران باوی نەمابێ، بەڵام شیعرو گۆرانی پشکۆیەکی زیندووەو ئەوینی ئەوەمان ئەدەنێ خۆشەویستی هێشتا زیندووە.

میدیا: ئەدەب و هونەر تاچەند دەتوانن ڕەگەزەکانی مرۆڤ یەکسان بکەنەوە؟

– ئەدەب و هونەر پەنجەرەیەکە لێوەی دەتوانین بڕوانینە بیروباوەڕە جیاوازو نوێکان، هەڵمی بەرچاومان دەسڕن و ڕاستییەکانمان ڕوونتر بۆ نمایش دەکەن. گەر بڕوانینە مێژووی هەموو نەتەوەکانی دونیا دەبینین ئەدەب و هونەر ڕۆڵ و جێگای تایبەتی خۆی لەخولقاندنی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیدا بووە. هونەر پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هەستی مرۆڤدا هەیەو دەتوانێ هێزێك بێت بۆ شۆڕش.

میدیا: بەبێ ڕۆژئاواو ئەو ئازادییەی بۆ ژن هەیە، کەسایەتی تۆ هەمان ئەو کەسایەتییەی ئێستا دەبوو؟

– ئەم کەژاڵەی ئێستا دەستکەوتی ژیانێکی ئازاد لەکۆمەڵگەیەکی ئازاد بە بیرو بڕوایێکی ئازادە. گەر ئێستا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ژیابام بێگومان لەبواری نووسینی شیعردا چالاك دەبووم، بەڵام پێم وانییە لەبواری گۆرانیدا دەرکەوتنم بوایە. هەروا دەزانین لەوێ دەسەڵات ئەو مەجالە بە ژن نادات بە ئازادی گۆرانی و بەستە بچڕێ.

میدیا: دۆخی ئێستای ژنانی ئێمە، خۆسەلماندنیان کارێکی ئاسانە؟

– بەدڵنیاییەوە دەڵێم نا. زۆر شت هەن ڕێگری گەشەکردنی ژنانن. هیوادارم ژنانی بوێری ئێمە بە پشتیوانی پیاوانی ڕوناکبیرمان بتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن.

ئیبراهیم عەبباس

Iboabas@yahoo.com